# فرۆنتپەیج بە کوردی

| | | |
|---|---|---|
| نووسەر : ئاسۆ نادری | بەستەر دانـــــان | 2004-07-28 |

لەم وانەیەدا چۆنیەتی لینک کردن لە Frontpage دا فێردەبین، لینک کردن لە ڕێگەی ووسینەوە، لینک کردن لە ڕێگەی وێنەوە.

پرۆگرامەکە بکەوە، لەو پەڕەیەی کە بۆت دەکرێتەوە لە خوارەوە دەتوانی شێوەیەک هەڵبژێری بۆ دروستکردنی پەڕەکەت، ئێمە لێرە دەیخەینە سەر Design




پاشان شتێک بنووسە کە دەتەوێ بکەیتە لینک و کاتێک کە سێک کرتەی کرتە سەر پەڕەیەکی دیکەی بۆ بکرێتەوە، یان ئیمەیلێک بنێرێت.

پاشان نووسینەکەت دەستنیشان بکە، مشکی کۆمپیوتەرەکەت بکێشە بەسەریدا و دیاری بکە. پاش ئەوەش کرتەیەک بکە سەر ئیکۆنی لینک دروستکردن، ( وێنە 1 )




پە نجەرەیەکی وەک ئەمەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە.




لەو پەنجەرەیەی کە بۆت دەکرێتەوە دەتوانی دوو شێوە لینک دروست بکەیت، 1. لینک کردن بۆ پەڕەیەک. 2. لینک کردن بۆ ئیمەیل ئادرەسێک.

3> لینک کردن بۆ پەڕەیەک، ( لە نێو کۆمپیوتەرەکەی خۆت یان لەسەر ئینتەرنێت ) .

4> لینک کردن بۆ ئیمەیل ئادرەسێک، ( لە وێنەی داهاتوودا ئەو بەشە بە تایبەت شێدەکەمەوە ).

5> لەوێدا هەمان نووسینت بۆ دەردەکەوێت کە خۆت پێش چەند چرکەیەک نووسیت کە لینکی بۆ بکەی، ئەگەر لێرە بیگۆڕی لەسەر پەڕەکەش دەگۆڕدرێت.

6> Screen Tip کاتێک کرتە بکەیتە سەری ئەو خاڵە، پەنجەرەیەکی بچووکت بۆ دەکرێتەوە، لە وێدا دەتوانی پێناسەیەکی کورت بنووسیت لە سەر ئەو پەڕەیەی کە لینکی بۆ دەکەی، کاتێک کەسێک نیشانکەری مشکی کۆمپیوتەرەکەی لە سەر لینکەکە بۆ چەند چرکەیەک ڕابگرێت، ئەو پێناسە کورتەی بۆ دەردەچێت.

7> لێرەدا دەتوانی هەڵبژێری کە ئەو پەڕەیەی لینکی بۆ دەکەیت، لە کوێدا بکرێتەوە، بۆنموونە دەتوانی هەڵبژێری کە لە پەڕەکی نوێدا بکرێتەوە یان لە هەمان چوارچێوەدا بکرێتەوە کە لینکەکەی تێداتە.

8> ئەگەر ئەو پەڕەیەی کە دەتەوێ لینکی بۆ بکەی لە نێو کۆمپیوتەرەکەی خۆتدایە، لێرەدا دەتوانی بە دوایدا بگەڕێیت و هەڵیبژێریت.

9> Address لە نێو ئەو لاکێشەیەدا دەتوانی ناوونیشانی پەڕەیەکی ئینتەرنێتی بنووسی کە لینکەکە ڕووی تێبکات.

ئەگەر ویستت لینک بۆ ئیمەیلێک بکەیت، دەتوانی بەم شێوەیەی خوارەوە جێبەجێی بکەیت.




پاش ئەوەی کە کرتەمان کردە سەر ئیکۆنی لینک دانان، پەنجەرەیەکی وەک ئەوەی سەرەوەمان بۆ دەکرێتەوە و لەوێدا کرتە دەکەینە E-mail Address ،

10> لەنێو ئەو لاکێشەیەدا ئەو ئیمەیل ئادرێسە دەنووسیت کە دەتەوێ لینکی بۆ بکەیت، کاتێک کەسێک کرتە بکاتە سەر لینکەکە، ئەو کات دەچێتە سەر پرۆگرامی ئیمەیل ناردنەکەی و دەتوانی لە کۆمپیوتەرەکەی خۆیەوە ئیمەیلت بۆ بنێرێت.

11> لێرەدا دەتوانی خۆت ناوونیشانێک بۆ ئیمەیلەکەت هەڵبژێری و خۆی ڕاستەوخۆ دەبێتە بابەتی ئەو ئیمەلەی کە کەسێک بۆت بنێرت لە ماڵپەڕەکەتەوە، کابری ئیمەیل نووس خۆی خەریک ناکات بە نووسینی بابەتی ئیمەیلەکە.

12> ئەگەر پێشتر ئەو لینکت بۆ ئیمەیلێک کردبێت، لێرەدا ئیمەیل ئادرێسەکە بۆ ماوەیەک دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی کە کاتی خۆت نەکوژێت و جارێکی دیکە سەر لە نوێی ئەو خانانە پڕ بکەیتەوە.

ئێستا لینک دەکەین بۆ پەڕەیەکی ئینتەرنێت،




پاشان OK کرتە بکە.

پاشان دەبینی کە نووسینەکەت شین بووەو هێڵێکی بەژێردا کێشراوە، بۆ ئەوەی بیبینی و بزانی چۆنە، دەتوانی لە خواری پەڕەکەوە کرتە بکەیتە سەر Preview و بیبینیت.

[MS Frontpage Be Kurdi]

ئێستاش لینکردن لە ڕێگەی وێنەوە شیدەکەمەوە،




بە دوو شێوە دەتوانی وێنەیەک بێنیتە نێو پەڕەکەوە، 1. بە کرتە کردنە سەر ئیکۆنی وێنە، وەک لە وێنەی سەرەوە ڕوون کراوەتەوە. (14 ).

2. بە کرتە کردن لە سەر لیستەی Insert و پاشان Picture و لەوێدا دەبێ ئەو شوێنە هەڵبژێری کە وێنەکەی تێدایە. (وێنەی خوارەوە)




پاش ئەوەی کە وێنەکەت هێنایە نێو پەڕەکەوە، دەستنشانی بکە، دەتوانی بکێشی بەسەریدا و پاشان دیاری دەبێت، یان دەتوانی یەک کرتە بکەیتە سەر وێنەکە، پاش ئەوەی کە دیاریت کرد، وەک هەنگاوەکانی سەرەوە کە بۆ نووسین جێبەجێمان کرد، جێبەجێ بکە،




نموونە

کۆتایی

چاپکردن

http://fp.all4kurds.net

فرۆنتپەیج بە کوردی